# ژوان

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV



شیعر

محەمەد حەمەد باقی

وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

( ٤٨ )

# ژووان

محەمەد حەمە باقی

پێشکەشە بە دایکم

ژوان

# پێوانەی خۆشەویستیت

تۆ هەمیشە لێم ئەپرسیت :
بۆ پێوانەی خۆشەویستیم ، بۆ نانووسیت ؟
ئەڵێم : گیانە • چونکە نووسین ،
بۆ خۆشەویستی‌ی تۆی شیرین ••
دوورە لەتوانای دانانی سنوورو مەبەست دەربڕین•

هەرچی‌کاتێ پێنووس توانی ،
ژمارەی چڵەگیای بەهار ،
یا تێرگزی دەشتو بنار ،
سەرژمارکات بە ئاسانی ،
ئەوکاتە منیش ئەتوانم ، کە پێوانە
بۆ خۆشەویستیت دابنێم ،
نرخی جوانیی ئەو چاوانە ٠٠٠
بەشیعرو ، بەنووسین بڵێم ٠٠ !


یادم بکه

لەکاتێکا ، پەنجەی شیرین ،
ئەکەوێتە نامەنووسین ...
بەیادی ئەو نامانەوە ، بۆمت نووسی ،
لەناو هەموو ووشەیەکا ،
یادم بکـە

● ● ●

لەکاتێکا ، ووشەی جوانی [خۆشەویستی‌ی]
لەنووسراوا بەدی‌ئەکەی ، یا ئەیبیستی ،
یادی ئەو نامانەم بکە ، بۆتم ئەنارد ...
ئەو چەپکە ووشە گەرمانەی ، لەبژارا هەڵم‌ئەبژارد
لەگوێچکەی دڵت بپرسە ، نەرم‌و نیان ،
ووشەی خۆشەویستی پاکم چەند پیا چرپان !
لەگشت ووشەی خۆشەویستی‌و ، چرپەیەکا ،
یادم بکـە ....

● ● ●



لەکاتێکا ، لە دەرگاتان دێیتە دەرێ
بەنیازی چوونە بازاڕو ، قوتابخانەو ماڵە هاوڕێ ،
بەیادی جارانمانەوە
کە بەدەم چاوگێڕانەوە
یەکەم سەرنج ، یەکەم هەنگاو ،
یەکەم کەس بووم ، ئەکەوتمە بەر نیگای چاو ..
ئێستاش بەیادی ئەوساوە ،
تو ڕووناکی ئەو دووچاوە
لەهەموو چاوگێڕانێکا ..
یادم بکـە ...

لە کاتێکا ، دەستی ناسك
بۆ لای [سەر] بەرزئەکرێنەوە ·
بەنیازی قژ چاکردنو ، [عەبا]ی خز هەڵبڕینەوە ··
بەیادی ئەو دەستانەوە ·
کە لەجێ‌ی «سەلامی بێ‌دەنگ» ،
بۆ من بەرزئەکرانەوە ·
لەگشت دەستهەڵبڕینێکا ·
یادم بکـە ···

● ● ●

لەڕۆشتنا ،
کە ترپەی پێ‌ی ڕێبواری دواوە دێتەگوێت ·
وا بزانە ترپەی پێ‌ی منەو ، هاتومە ڕێت !
لەگەڵ هەموو هەنگاوێکا ·
یادم بکـە ···

لەکاتێکا ، کە بەرەومال ئەچیتەوە
«وەستاو»ێکی تەنیای لارێ ،
لەجوانیت وورد ئەبێتەوە ،
نە ، بشلەژێ ..
نە ، بەچاویش پیاهەڵشاخێ ..
شێوەی چاوەڕوانی ئەوسام ،
کە لەسەر ڕێتا ئەوەستام ...
لەسیمای گشت ڕێبوارێك و ، وەستاوێکا ،
بەدیبکەو ... یادم بکە ...

لەکاتێکا ، لەماڵ نزیك ئەبیتەوە ·
لەسووچ و پێچی وونبوونا ···
ئاوورِ لەدوا ئەدەیتەوە ··
بەیادی ئەو ئاوورِانەوە ·
کە بۆ منت ئەدانەوە ··
لەگەڵ هەموو ئاوورِێکا ·
یادم بکـە ··

● ● ●

لەکاتێکا ، بیر لەدوێنێ ئەکەیتەوە .
لاپەرِەی ئەلبوومی دوێنێ ، هەڵبەیتەوە
گەورەترین یادگارم لەتەمەنتا جێ‌هێشتووە ·
پرِ بەدوێنێو ، هەموو رِۆژێ ،
یەکتریمان خۆش‌ویستووە ···
لەهەموو یادگارێکا ،
یادم بکـە ···

# بۆچاوەکانی

چاو جوانگیان •
چاوەکانت دەریایەکن قووڵو ، شین ،
هێمنو مەنگن ••• بێسنوورو ، بێپەرژین ••
بەشەپۆلی تروکەی چاو ، با نەشڵەقێن ،
تا کانیاوی سەرنجی من پڕ ئەبنو ئەتەقێن ••!

چاو جوانەکە ·
بڕوا بکـە ،
ئەوەندە تینووم بۆ ڕوانین ·
دەریای هەردوو چاوەکانت ، ئەخۆمەوە بەیەك بین!
کوا ! بیەڵیت ، لەدەریای چاوی جوانتا ،
سەرنجم مەڵەی کردایە ، تا ئەخنکا ···
کە خنکاشم ، دیارە سەر ئاو ئەکەوم ·
ئەوسا بەختیار لەناو چاوتا ئەخەوم ··
بەوەش شادم ، شوێنەواری جێماوم ،
یادگار بێ لەناو چاوتا ، تا ماوم ···
تۆش ئەو کاتە باشتر ئەمناسی کە کێم ،
دڵدارێکم ·· لەسەرنجی چاوی جوانا ئەخنکێم ··!



وشەکانم

ڕزیوەکان ئەیانەوێ ، بچن بەگژ ووشەی ئازاو ، ڕاپەڕیوما •
چنگی پیسیان بکەن بەسنگ‌و ، گەرووما •••
ئەیانەوێ ، لەمنداڵدانی دەروونما ،
دەست بنێنە بینەقاقای ووشەی کۆرپەم
بڕوخێنن ،هەست‌و،هیواو،دڵی گەرمی پڕ لەکڵپەم !
ئەیانەوێ ، ئەو هاوارەم نەبیسترێ •
کە «بۆ : نرخ‌و هاوسانی تۆ ،
تۆی مرۆڤ‌و ، نیوەی کۆمەڵ» • هەڵبەسترێ ••
کەچی لایان سەیر نی‌یە ،
کەچی لایان نەنگی نی‌یە ،
گەورەو بچووك ، بچینە چۆك ،
دەست درێژکەین ،
بۆماچ‌کردنی داوێن‌و،دەست‌وپێی شێخی چاوچنۆك!

بەڵێ گیانە • ئەیانەوێ ،
دەمی ووشەی ستایشمان •
دەستی ووشەی لاساییمان • وەکو ئەوان
درێژ بکرێ ، بۆ ناو هەوری ئەو چنگانەی ،
پڕن لەلافاوی تاوان !

● ● ●

منیش گەردەلوولی ووشەم ،
ئەکەم بەگۆڕی ژینیانا ،
تێزابی قینو نەبەزیم ، ئەکەم بە داڕزینیانا ••
تا ، پشوویەك لەسنگمابێ •••
تا ، هاوارێك لەدەنگمابێ •••
تا ، ووشەیەك ، لە فەرهەنگی هەڵبەستمابێ •••
ئەبێ نرکەی داوای مافی بۆتۆ تیابێ

یادداشتێك بۆ دەستگیرانەکەم

کاتێ جێگاگۆڕکێی ترسی نامەکانت
تەنگت بەقوژبنو کەلێنو، دۆلآبی ژوورم هەڵئەچنن
کچێنیی تۆ ، مووچڕکەیەك ،
چەپکێ پرسیار ،
بەلەشی پیاوییما ، دێنن !
ئاخۆ تۆیکچ، گوزەرانت لەگەڵ نامەکانما چۆن بێ!
لەوانەیە لۆچی جلی ناو باووڵو ،
بنمیچو ، تا بەربانخەڵیش ،
بەرامبەریان گرژو مۆن بێ !



ئەی «هەل» چۆن بۆ ، وەلام‌و خوێندنەوەی نامەم
بەکار دێنیت ؟
یا لەترسی بێ‌جێگایی ،
ئاخۆ چەندیان بسووتێنیت !
ئاخۆ چەندیان بدڕێنیت !
ئەی کاتێ دێنە خوازبێنیت ٠
قەت ئەوێریت ٠٠
لای دڵسۆزێك ٠٠ باوکت ٠٠ برات ٠٠
نهێنی دڵ بدرکێنیت !
بڵێ‌ی دڵخوازی خۆم هەیە !؟

دڵنیام چاك • هەموو کچانی ئەم شارە
ڕۆژژمێری وەرزی ساڵیان ،
چرۆکی گوڵی بەهەشتی ، تەمەنێکی بێ‌بەهارە !
بەڵێ گیانە • سەربەسترین کچ لای ئێمە ،
بەپێی ئەم یاساو ، ڕژێمە ••
لەپشتی پەنجەرەیەکا ••
سەیری شەقامی ژین ئەکا ••• !

● ● ●

بەڵام تەنیا هەر تۆ وانیت •••
منی پیاویش ، پێوەندەکانی دەستوپێم ،
زۆر لەهی تۆ ، قورس‌ترە •• !
سامناکی‌ی زیندانی ژینم ، لەهی تۆ پڕ ترس‌ترە !

پەيامى ئايىنىڭ تازە

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

ئەی کچی جوان .
بێدەنگیمان لەوە ئەچێ ، نەمانەوێ
هەرگیز .. هەرگیز .. پرشنگی خۆر دەربکەوێ .
ئەگینا وا لەقوولایی هەستمانەوە
گۆڕینەوەی نیگای چاوی دڵداریمان
پەڕەسێلکە لەگەرمیان بانگئەکەنەوە ،
گوڵ ئەڕوێنن ، بۆ تەمەنی بەهارییمان .. .
کەچی ئێمەش ،
بێدەنگی ی ، ئەمانخواتەوە
شەرمو گومان ، بوخچەی هەستیان گرێداوین ،
ڕێی دەربڕینیان لێگرتووین ،
بەشنەی ئەو خورپەیەوە ئەدوێین ، ئەخۆین ،
بەڵام نووستووین .. !

گیانە ٠ ئەفسانەی خەوبینیین ،
درۆی سەردەمێکی زوو بوو ،
بە لەدایكبوونی ـ حەللاج ، سەری تیاچوو ٠٠

● ● ●

ئێستا ئەوەی تۆ خەوی پێوە ئەبینی ،
ـ مەسیح ـەو ، ژیاوەتەوە ٠٠
ئەوەش هەست بە جوولەی ئەکەی ،
کۆرپەی خۆشەویستی منەو ، لەسنگتا حەواوەتەوە
پەیامی نیگای چاویشمان ،
چەخماخەی هەورێکی خەستە ، لەناخمانا ئەگرمێنێ
قارچکی خورپەیەکی خۆش ، لەخوێنمانا ئەتەقێنێ

چاك ئەزانم ، چەند بەڕووکەش ،
خۆت گێل‌کەیت لەعاستی گەرمیی ئەو خورپەیە ،
کەچی نیگاکانی چاوت ،
وەك ڕەوە کەرویشکی کێوی ،
کە ڕاوچی دوایان ئەکەون ،
بەناچاری ، لەبێشەلانی ئارامی چاوەکانما ،
خپ ئەخەون !

● ● ●

منیش چەند ئاسایی‌و ساکار ، ڕوالەتم بەدی‌بکرێ ،
بەلام هەستم ، وەکو کۆترێکی مالی‌ی ،
هەمیشە بەرەو هێلانەی چاوەکانی‌تۆ هەلئەفڕێ ٠٠!



# نامەیەکی بێ ناونیشان

\- ١ -

ئەوەندە ووشەی «خۆشم ئەوێ‌ی» بۆ نووسیوی ،
هەموو جێیەکی زەمینم لێ‌تەنیوی ..
هەرچۆنێك بجوولێیتەوە ،
ئەکەویتە ناو دڵمەوە .. !
چونکە ئەم دڵەی تۆی ئەوێ ،
ئەوەندەی «خۆشەویستیت» ئەبێ !
خۆشەویستی تۆش ، خوێن شیرین ،
پڕ بەئاسمانەو ، بەزەمین ...

- ٢ -

له هاتووچۆو لەگەڕانما ،
له هاوینگەو ، له سەیرانما
هەر درەختێ تووشم بووە ،
لەناو قەدیا ، له توێکڵیا ،
ناوی تۆم لێهەڵکەندووە !
ئێستا هەر درەختێ سەیری ناو قەدی کەی ،
لەجیاتی چاوپێکەوتنم ،
شێوەمی تیا بەدی ئەکەی !

● ● ●

- ٣ -

هەرچەند دووریت
دڵنیابە . زیاد لە چرکەو ، لێدانی دڵ . .
لەتاوێکا ... هەزاران جار
بەناو چاوو ، دڵو ، هەستما .
بەناو بەهاری هەڵبەستما ،
ڕائەبووریت .. !

ـ ٤ ـ

لەوانەیە چاوەکانت ، لەبەرامبەر ئاوێنەدا
لەڕۆژێکا ، هەر چەند جارێك ،
خۆت ببینیێ ٠٠
بەڵام ئاوێنەی دڵی من ، لەڕۆژێکا گەر بیژمێرم ،
تا ملیارێك ٠٠٠
تۆ ئەنوێنیێ ٠٠٠!

● ● ●

# کاتێ چاوپێکەوتن

## قەدەغە ئەکرێت

ئەم بەهارە کە ڕیشۆڵە هاتنە لاتان
چی منیان بۆ گێڕایتەوە ؟
پێیان وتیت :
تەنیایی خۆی لەهەگبەی نائومێدییا گرێداوەو ،
ڕۆخی کپی شەقام ، بەشەقام ئەپێوێ !
پێیان وتیت :
توێشەبەرەی خەمەکانی تەواو کردو ،
خەریکە خۆی ئەخواتەوە !؟

پێیان ووتیت :
بۆچی خۆم فێری زمانی باڵندە کرد !
ئەزانی بۆ ؟ ..
زمانە سێ‌فاقەکانی ناو دەمە هەراشەکەی شار
چەمەکانیان لێم تێ‌گەیاند ..!
ئیستگەی بەردەنوێژەکانیان لێم ڕاپەڕاند !
وەردیانی زیندانەکانیان لێ‌هاندام !
بڕوا بکە . وەك پیاوێکی قاچاخچی حەشیشەو ، تریاك
گیرفانەکانیشم گەڕان .. !!

گیانە تەنیاییم ،«خاوکەر»ی ئێشکچییەکی بێدارە ،
شەونخوونیت ئەلاوێنێ ••
سییەکانم ، لۆکەی دەستی پزیشکێکن •
لیکی تلۆقیسووتانی تەنیایی و،دووریت هەڵئەمژن
تۆ ، بۆنی مێخەكبەندەکەی ،
ملی «عەنبەرخاتوون»یت و ،
بۆسۆی هەناسەی ، بۆنکەوتەی ،
«مەولەوی» دەروونی منیش ،
هەڵت ئەمژێو •••
هەڵتئەمژێو •••• ،
لێت تێر نابێ و ••
لێت تێرنابێ ••

شیعرەکانیشم، کاروانن ·· بارگەی خەمی منیان پێیە
لەگەڵ «سەرنێڵ»ی کاروانا ،
شوێن ئەستێرەی کشاوی چاوی تۆ کەوتوون ··
تۆ ، هەر کشایتو ، هەر کشایت ،
خەمی منیش هەر شوێنت کەوت ···

● ● ●

وتیان : گەر ئەستێرە بکشێ ، یەکێك ئەمرێ !
بۆیە کاتێ ، ئەستێرەی چاوی تۆ کشا ،
من تەرمی کامەرانی خۆم ،
لەسەهۆڵبەندانی گۆلی «زرێبار»ی تەنیاییما ،
دۆزی‌یەوە !



ئەی ئەستێرە کشاوەکەی ڕێگای کاروانیی شیعرم٠
بیرت ئەکـەم ٠٠
بیرت ئەکـەم ٠٠
پێم بزانیت ، بیرکردنت چی لێ کردووم ،
دووریت بەهەنگاوێ ئەبڕیو ،
بە بەرچاوە زەقەکانی ناو شارەوە ،
وەکو لاولاو ، تێم ئەئاڵێت ٠!
وەك ئەمامێك ، تیاما ئەڕوایت !
وەك خەنجەر ، پیاما ئەچاقایت !
وەك منالێ ، بۆم ئەگریای ٠٠
بۆم ئەگریـای ٠٠
بۆم ئەگریـای ٠٠

# چەپکێ ئازاری خۆش

تەنیام ••• تەنیام •••
وەکو تەنیایی ئێستای تۆ ، منیش تەنیام ••
ئەوەتەی لەتۆ بڕاوم ،
لە چێژی خۆشیی بێ ئاگام ••
مەگەر جار ، جار •• سروەی تەنیایی و بێ تۆیی ••
بۆنی دووریت بێنێ بۆ لام ••
ئەگینا من ، ئێجگار تەنیام ••
ئێجگار تەنیام ••

هەموو شەوێ ، بەسەر بوخچەی نامەکانتا دائەچۆڕێم
هەموو ڕۆژێ ، بەشوێن ، شوێن پێی
هاتوچۆکانتا ئەگەڕێم ..
لە سۆراختام ..
لە پرسیارتام ..
ئای گیانەکەم ، من چەند تەنیام ، چەند بێهاوڕێم !

● ● ●

بە پیر هەموو ڕێبوارێکی، هاتووی لای تۆوە سەرەڕۆم
لە سیماو ، ڕووی هەموویانا ،
عەودالی سۆراخێکی تۆم ..
چۆلەکەش کە ئەجریوێنێ ،
ئەلقەڕێزی ژووری چۆلم ڕائەچەنێ ..
وا ئەزانم ، هەوالی تۆم بۆ ئەهێنێ .. !

ئەوەتەی لەتۆ بڕاوم ،
وەکو گەڵای درەختە بێنازەکانی چوار باخی شار !
لە زەردەخەنە تۆراوم ..
لە لق و پۆپم تۆراوم ..
لە گەزۆو ، شەونم تۆراوم ..

هەتا چراو چاوی شووشەی پەنجەرەکانی ژوورەکەم
وەکو چاوم ، بێ ڕووناکین ..
نامەخانەو ، ڕۆژژمێرو ، پێنووسەکەم ،
کەوتوونەتە هەواڵپرسین ..
گوڵەکانی باخچەکەشمان ، بێ ڕەنگو بۆن ،
وەکو تەنیاییو ، بێ نازیم ،
خۆزگەی سەیرێکی نزیکی ، بەهاری چاوەکانی تۆن
بەڵێ گیانە ...
لەگەڵ هەنگاوی تەمەنی ئاوارەما ..
لەگەڵ ئومێدی دیدەنی پەژارەما ..
هەموو ڕۆژێو ، هەموو کاتێ بۆت ئەگەڕێم ..
ئای گیانەکەم .. من چەند تەنیام .. چەند بێهاوڕێم

# چاوشارکێ

بیرمە کاتێ منداڵیش بووم ،
حەزم لەبینینت ئەکرد ..
هەموو ڕۆژێ ، ئەهاتمە بەر پلووسکی
هەنگوینیی تریفەی چاوت ..
هەر شیرینی تێروانینی نیگاکانت ،
ڕایان هێنام ،
یاری «چاوشارکێ»م خۆش بوێ .
تا بۆ حەشارگەی چاوشارکێ
ماڵی ئێوە پەناگەم بێ ..

کە چاوشارکێ دائەمەزرا ،
ئەبووین بە دوو کۆمەڵەوە ،
کۆمەڵێك خۆی ئەشاردەوە
ئەوی‌تر لەدوای ئەگەڕا ..

● ● ●

کاتێ دەستم ئەخستە سەر چاولێك نانم
تۆم ئەبینیو ، گوڵ‌ئەستێرەی چاوەکانت ،
لە ئاوێنەی ژێر پێڵووە نووقاوەکانما ،
دائەگیرسان .. !

دائەگیرسان‌و ، بەپێوە هووشیار بووم‌و ، خەوم ئەدی
خەوم ئەدی •• من کۆترم‌و ، تۆ هێلانەیت ••
بەسەر سەرتا ، دەورە ئەکەم ••
ڕەشەبایەك •• ڕاوم ئەنێ ••
تەکان ئەدەم ، بێمەوە بۆ باوەشی تۆ ••
تۆش هەر چاوەڕوانم ئەکەیت ••
کەچی دەنگی « قەڵایە ، قەڵایە ، سێ‌ی بێ » ،
کەروێشکی ، کەروێشکە خەومیان ڕائەچڵەکان ••

● ● ●

کە ، سەرەی خۆشاردنەوەشمان ئەهاتە سەر ،
لەپێش هەموویانا یەکسەر ،
ڕام ئەکرد بۆ پشت دەرگاکەی ماڵی ئێوە ••
بێ ئەوەی کەستان بم‌بینن ،
بێ‌دەنگ • ئەوەستام بەپێوە !

ئەوەستامو ، لەشم هەمووی ئەبوو بەچاوێکی گەورە
ئەشمدیتایە ، قەوارەی پەلکەزێڕینەی تارماییت ،
پڕ بەپڕی ئاسمانی دالآنو حەوشەو ژوورەکانبوو
وەك [ڕشێنە]ی گەزۆو ، گوڵاو ..
وەك ڕەهێڵەی جریوەی پۆلە ئەستێرە ..
بەشەفەقی ناو سامالّی سەرنجەکانما ، ئەباریت ..

● ● ●

ئەباریتو ... هەر ئەباریت ..
لقوپۆپی درەختەکانی دڵەکوتێی گیانی منیش ،
هێدی .. هێدی ..
شل ئەبوون .. ئەچەمینەوە ..
هێدی .. هێدی ..
بەرەو جیهانی برسێتیم ئەچوونەوە ..

لەباخی ساوایەتیما ، فرۆکەی خەوی برسێتیم ،
لەسەر تەنووری دالآنی نانکردنێکا ، دایئەنام
تۆم ئەدی خەمخۆری هەموو، ساوا برسییەکانی دنیایت
کولێرەچەورەو، لەواشەو، پەنجەکێشیو، مارمارۆکە
دابەش ئەکەیت بەسەریانا ••
منیش لەڕیزی چاوەڕێی پەنجەکێشییەکی گەرما ،
هەر ئەوەستام •• هەر ئەوەستام ••
تا ، لەپڕا گریانئەدام •• !

● ● ●

کە برسێتیشم گەورەبوو ، بووم بە چۆلەکەپاساری ،
سەرتەنووری چاوشارکێکان ،
لە وولآتی بیرەوەری ئەودیو هەستما ،
بێستانێك بوو ، تۆش شەمامەیەكبووی تیایا •••
دائەبەزێ

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

منیش بارانی جریوەی چۆلەکەکانی بێستانم بۆ
ئەهێنای ،

تا نەسووتێی ..
کەچی بەردی دارولاستیك ، ڕاویان ئەنام .. !

• • •

ئەی شەمامەی بێستانی سەوزی سووتاوم
وەرە ، لەپرسەی ئاواتی منالّی‌ی گەورەبوونمانا ،
چاوشارکێیەکی‌تر فێربین ،
کە بێم بۆلات ، بۆنت بکەم ، ڕاونەنرێم
کە بێم بۆ لات ، هەڵت‌بمژم ، گڕ نەدرێم
کە بێم بۆ لات ، ماچت بکەم ، دەرنەکرێم

# فەقێ تەیران بەشداری
# کوشتنی کچی خۆرناکات

سەربڕینی ئەسپی کازیوەی(١) جێرنیکا(٢) ،
هەر تەنیا هیوای [ئیسپانیا]ی تیا ناکوژرێ ٠٠
منوتۆش ، هەر بەتەنیا نین ،
دڵداری لەژێر سێبەری مەرگا ئەکەین ،
ئەی ئەو کچەی :
ئەوەتەی هەی ،
گریان ٠ بەپرچی شۆڕەبی شەوەکانتا ، دێتەخوارێ،
بەڵام تۆ ، خۆت نەگریاویت ٠٠
نەگریاویت ٠٠
نەوەك کێلی سەر گۆڕەکەت پێت پێکەنن ٠٠
نەوەك ڕووباری گریانت ،
ژەهری تێکرێو
ماسی ئەو عەشقە پاکەتی تیابخنکێ ٠٠

کێ ئەڵێ ئەو گۆڕستانەی
بەسەر سەرتەوە گرتووە ،
نابێ بە هەڵسانی سوپای دارستانێ !
ئەی تۆ ، ئەو درەختە نەبوویت ،
هێلانەت بۆ گیانی ماندووی ،
ئەو مەلە دوورانە ئەکرد ،
بارێزەکـــان ،
وەرزی کۆچی لێ تێکدابوون !؟

ئەی ، کەی سێبەری ژوورسەرت ئەسووتێنی ؟
– بۆچی ، سێبەر ، ئەسووتێنرێ ؟
● سێبەر ، مۆتەکەی خەوێکی قورس‌و تاڵە ،
که ئەخەویت •• ،
لەسەر سنگت چۆك دائەداو ،
دەست ئەنێتە بینەقاقات ••
بەڵام کە تۆ ، لێی ڕاپەڕیت ،
ئەو ، لەترسا ئاوا ئەبێت ••

من وام ئەوێی ‎..‎ لەسێبەرەکەت یاخی‌بیت .
ئەی هەموو ڕۆژێ بارانی
ئەو شەقامانە نابینی ،
ناوی خۆیان ئەشۆنەوەو ،
سێبەرە درێژەکانیان ،
لەهەنگاویانا لوول ئەکەن !؟

ئەڵێن : «دڵــداری لەڕێگای گۆڕینــەوەی نیگاکانی
ناو چاوەوە ، دەست پێ ئەکا ••»
بەڵام کاتێ من لەخەوما ،
ئێسکی کاسەی سەرتم بینی ،
جێگای چاوەکانت چۆڵ بوون •• !
دیاربوو چاوتیان بەمناڵی دەرهێنابوو
تا فێری دڵداری نەبیت !
بەڵام دانت ،
دانەکانت ، لەسەر یەك ڕیچ ئەچوونەوە ••
زانیم کاتێ لەدایك بوویت ، پێکەنیوی ••

پێکەنیویو ،
هەتاوی پێکەنینەکەت • کرد بە پردێ ،
بەسەر دەریای شەوەکانا ،
سوپای تیشکی پیا ڕەت ئەبێ ،
بۆناو چاوی ، ئەو سوورە ماسی‌یە عاشقانەی ،
ئەیانەوێ ،
خۆیان لەدەریای زیوینی
شاری هەتاو هەڵبکێشن •!

# کۆچێکی نوێ

## بۆجیهانی باڵندەکۆچەرەکان

ـ ١ ـ

پاریس ٠٠ پاریس ٠٠
پاریس ، تیاترۆیەکی سرکە ،
خۆی لەبەر ئاوێنەی ترسی
خەنجەرەکانا ، ڕێك ئەخات
من ٠ خەوی شەوانی سووریم ،
بەنووکی خەنجەر زڕاندو ،
لەباخەڵی گەرمیا خەوتم ٠٠
بیرمچوو لەدوای خۆمەوە ،
دەروازەی لووتکەی مۆنتمارتەر (٤) ،
بە چەند خەنجەرێك خڕ داخەم ٠٠
خەنجەرەکانی مۆنتمارتەر ، چاوترسێنی ،
چەقۆکێشەکانی بانقی «فرسای»ش(٥) ئەکەن ٠٠

ئەمڕۆ خەنجەر ، کلیلێکە ،
دەرگا لە چرپەو ، هەناسەو ،
خەوبینینو ، چاو ، دائەخا ...!
دەرگا لە لافاو دائەخا ...
دەرگا لە هەتاو دائەخا ..!

من نەمزانی چەقۆکێشەکانی پاریس
کوڕو ، کوڕەزای [ طەروادە ]ن ،
لەخوانی میوانداریشا ،
پەلاماری «هێلین»ی(٦) خانەخوێ ئەدەن !

● ● ●

ئەوان پێش من ،
دەرگای لووتکەی مۆنتمارتەریان لێداخستم ،
شەبەیخوون بوو ،
کاتێ پەنجەی ماچەکانم ،
ئەستێرەی سنگی پاریسی ،
لەبەرچنەی شەفەقێکا ، هەڵئەچنی ..
لەناکاوا پڕیان دامێو ،
لەکەوچکی مەنجەنیقی ئازارگەکاندا .. دایاننام .



دایان‌نام‌و ، ژووری سووری ،
پەراوەی ژان‌و تالاویان هەموو گێڕام ٠٠٠
ئێستگەی دواییم ،
مۆزەخانەی کۆمەڵگای کۆیلەیەتی بوو
مۆمیاکرام ٠٠٠٠ !
مۆمیاکرام‌و ، خۆم‌شکاند !
مۆمیاکرام‌و ، خۆم‌شکاند !
مۆمیاکرام ، خۆم ڕاپسکاند !

خۆم ڕاپسکاندو ، نەڕاندم ۰۰!
نەڕاندمو ، هەناسەمیان ،
بۆ ناو سنگکو سییەکانم ،گێڕایەوە !
قیڕاندمو ، دەنگمیان لەناو ،
دسکەواتێکی [لباد]دا ، کوتایەوە !
نامەم نووسیو ،
نامەکانمیان ، لەمیکرۆفۆنی کوژاوەی
دوای ئاهەنگکو کۆنگرەکان خوێندەوە !
وێنەم گرتو ،
وێنەکانیان لەشێوەی [جام]دا هێشتەوەو
هەر بە جامییش ، ناردیان بۆ دڵدارەکانم !

ئەوە منو ،
دەستەو یەخەی وەردیانی ڕۆژەکانم
ئەوە منو ،
گۆڕەپانو هەموو ، هەموو طەروادەکان
ئەوەش هەموو :
تەورەکانی ، شاباشی هەڵپەڕکێی
خوێنوخاك ، لە « جنێف » ،
چی زەیتوونە هەڵیپاچن
چی لیمۆیە ، بیبڕنەوە ،
بەڵام ( کەنفانی )شەهیدە ...


بەلام [کەنفانی] عاشقی ،
زەیتوونێکی قژو ، پەرچەم هەلپاچراو ۰۰۰!
بەلام [کەنفانی] دلداری مەمکی کچە لیمۆیەکی
سەربڕاوە ۰۰۰!
بەلام [کەنفانی] شەهیدی ،
باخی لیمۆو ، زەیتوونێکی داتەکاوە ۰۰۰!

● ● ●

هەموو شتێك لەڕوانگەی ڕوانینەکانی هەنگاوما ،
وەك خۆیەتی ۰۰
نان ۰ هەر نانە ۰۰
ئاو ۰ هەر ئاوە ۰۰
ڕەش ۰ هەر ڕەشە ۰۰
ناو ۰ هەر ناوە ،
عەشقی گەیشتنە دوورگەی وولاتێکی سپی‌و هێمن
لەپاپۆڕی گوێزەرەوەی دیلەکانی دلی منا ،
وەك خۆی ماوە ۰۰

ئاسمان جێگای
ئەستێرەی تری تیا نابێتەوە

جارێکی تر ،
چەقۆکانی پانکەی هۆڵی بیری سووڵتان
سووڕانەوە ..
خوولانەوە ..
بوورانەوە ..
ئەنجام ، لەبڕینی سەرما ...
ئارامیان گرت .
گیرسانەوە .



گوایە سەرم :
ڕووبارێکە ،
نایەڵێ ڕۆخی چەقۆکان لەیەك بدەن !
نایەڵێ ئەژنۆی چەقۆکان ،
پایەی پردی لەسەر دانێن ..!
نایەڵێ ماسی‌یە ووردەکان ،
لەگرمەی نارنجۆکی ڕاو داچڵەکێن ..!
بۆیە لێکردنەوەی سەرم ،
دوای ئەنجامی
گێنگڵدانو ، بێژانەوەو ، هاتوچۆیە .
سەر بڕینم ،
دوا بڕیاری کۆنگرەی هەرچی چەقۆیە ..

چەقۆ ئێستاش خۆی ناناسێ ..
خۆی ، لەخۆیا ،
دەرگای خوێن ئەخاتە سەرپشت !
«خوێن»یش ، ماییەنێکی زینپۆشتەی
هێنانی بووکی ئاگرە !
«بووکی ئاگر»، هەموو وەرزێ ،
لەئاهەنگی گڕ پەرستیی هەمیشـەی ناخی عاشقا ،
دائەبەزێ !

«ناخی عاشق» ،
وولاتی پرسەی کوشتنی ،
تریفەی چاوی ئەستێرەی بەیانیانە ۰۰۰
ناخی عاشق ،
گوژمو تەکانی بێپشووی ،
مەلی شیعرێکی زامدارە ۰۰!
ناخی عاشق ،
ئاسمانی ڕەهێڵەو ، لێزمەی هەموو بارانی بەهارە !
ناخی عاشق ،
جبەخانەی شمشێری نرکەو هاواری برسییەکانە ۰۰

ئەی ڕەهێڵەو ، لێزمەی بارانی عاشقەکان ،
داکەن ••• داکەن ••
داکەن ••• سەرم بشۆنەوە ••
سەرم ڕیخی ناو گەوڕی
قاشاودانی ئەسپی سوولتانی پێوەیە ••؛
سەرم ••
سەرم ••
سەرم خوێنی سەربڕینی ،
مەلی ناو قەفەسی ڕێگاو ،
هەنگاوەکانمی پێوەیە ••!

● ● ●

ئەی شمشێری گۆرانی دەنگی عاشقەکان ،
تا ، ئوردوگاکانی چەقۆی قەڵاچۆی سەرم نەهاتوون
وەرن • سەرم لێکەنەوە ••
وەرن • سەرم لێکەنەوە ••

ئێستا سەرم ،
کاسەی سەرم ، هەگبەیەکە لەبن دەستما ،
لەزۆر ئیستگەی شۆڕبوونەوە ،
بەناو بێشەی کوێرە ڕێگای چارەنووسما ،
جێ ئەمێنێ ۰۰!
جێ ئەمێنێو ،
لێم وون نابێ ۰۰ ئەیدۆزمەوە ۰۰۰
ئەیدۆزمەوە ۰۰ بمدۆزنەوە ۰۰
بمدۆزنەوە ، ئەی نام بینن ،
شەقام لێم بۆتە یاساوڵ ! ئەم پشکنێ !
دیوار ، لێم بۆتە پەنجەرە ۰۰ بۆم ئەکەڕێ ۰۰!

بمدۆزنەوە ..
سەرم هەژکێکی خوێناوی ،
بەدەرگای چەرخی بیستەمەو ،
ناچم بەهیچ دەرگایەکا ..!
ئەی نامبینن ،
گۆرانییەکی قاچاخم ،
هیچ ئاوازێك دالدەم نادات !

بمدۆزنەوە ٠٠
«ناکازاکی» ، شاری سەرم ،
گۆڕەپانی پەراوەی ئەتۆمی هەموو ،
سوولتانەکانی سەردەمەو ، تیا ناسووتێم !٠٠
ئەی نامبینن !
کەس دوکەلی من نابینێ ٠٠!
کەس بلێسەی من نابینێ ٠٠!

بمدۆزنەوە ،
سەرم شەپۆلێکی کاسە ،
گەردەلوولی دەریای [ئاسیا]
لەڕۆخێکا جێی هێشتووم و
نامباتەوە ناو دریاکان ۰۰!
بمدۆزنەوە ،
سەرم بۆتە تەپەدۆری شووشەی دەنگم و ،
لەژێر دڵما ،
کانیی گۆرانی تازەتر ، هەڵئەقوڵێن ۰۰!
ئەی نابینن ،
بلبل لەناو قەفەسیشا بێدەنگ ناکرێ ۰۰۰!

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

بمدۆزنەوە ·
هەموو ڕۆژێ ،
چەقۆ سەرم لێ‌کاتەوە ،··
هەموو ڕۆژێ ،
پۆستاڵ سەرم پان‌کاتەوە ··
بەڵام دەنگم ·
وولات نی‌یە ··· داگیر بکرێ ·· !
بەڵام دەنگم ·
کۆتر نی‌یە ·· باڵی بکرێ ·· !
بەڵام دەنگم ·
سەلکە توور نی‌یە ، هەڵکێشرێ ··!
بەڵام دەنگم ·
مێشوولەی مەلاریا نی‌یە ·· لەناوببرێ

دەنگم سروەی شەماڵیش بێ ٠
شەپۆلێکی بێکۆتایی ،
لەزریانی دەریای خوێنی ،
«لۆرکا»کانا ، جێ ئەهێڵێ ٠.
ئەی نازانن ،
شەپۆل کۆتایی بۆ نییە ٠٠!

# سەما
# لەسەر پشتی دوو پشك

بۆ [ هێمن ]ی شاعیر

چیم لێ ئەکەیت ••!
بێ‌دەنگی‌ی تۆ •• ،
شۆڕبوونەوەی قاسپەی کەوی لووتکەیەکە ،
لەنوێژی گۆرانییەکی پاك‌و ، قووڵ ••!
لێ‌ی ناگەم‌و ،
حەز لەبیستنیشی ئەکەم ••
لێ‌ی ناگەم‌و ،
گوێگرتنی هەموو گیانم ،
بەژنی ناخم ڕائەژەنێ ••

لێی ناگەمەو ،
توانەوەی چرپەی کپی قاسپەکانت ،
لە بنە(٧)ی جەنگەڵی دەنگتا ،
کەوی دەنگی تەنیایی من بانگ ئەکەنەو ،
تەنیاییشم ،
تێسکە(٨)ی ئەسپی هەواڵێکی عەزرەتییە ،
بەناو کەروێشکە(٩)ی سەوزەگیای ،
دەنگدانەوەی قاسپەکانتا ..
سەری خۆزگەی ڕاوکردنی خۆی هەڵئەگرێو ،
ناگاتە وولاتی بنەی بێدەنگیی تۆ ..!

بێدەنگی تۆ ،

تراویلکەی(١٠) پێش چاوی کەوی تینوومەو ،

منیش نازانم بە ناوی ، باران یا بە ناوی تافگە ،

پاراو ئەبم ..!

تۆ کامیانیت ..!

بۆ پێم نالێی !؟

دوێنێ شاری ،
تەمێکی سووریان نیشان‌دام ،
[ کەو ]یان تیا دەستەمۆ ئەکرد ..
وتیان : ئەمە بەردەنوێژی
دڵدارێکی گڕ پەرست‌بوو
ناسیمەوە ..
ناسیمەوە ئەو بەردەنوێژە ژووانگەی
نهێنی ئەوینی تۆ بوو .. ناسیمەوە ..
ئەو تەمە سوورەش هاڵاوی قوڵپی خوێنی ،
سەری سەربڕاوی تۆ بوو ...
ناســیمەوە ..

کوێربم ! پەڕەی هەڵوەریوی
گوڵی بزەی ژووانگەکەت ،
بووبوون بە پۆلێ مراوی ڕووتو برسی ،
ناو «گەرمك»ی(۱۱) ، گریانی بووکی «لاچین»و(۱۲)
«بووکی لاچین»یش ،
خنکاوی ژێر تارای تەمێکی سوور بوو ..
ئەیبینیمو ، نەیئەبینیم .. !
ئەیبینیمو ، نەیئەناسیم .. !
ئەیناسیمو ، پەڕەسێلکەی برسێتیمی ،
لە پڕپۆڵەی ڕنینەوەی لەواشەی مانگی ڕوومەتی
خۆی تێرئەکرد .. !
ئەیناسیمو ، شیلانی گوڵە هەناری ڕازەکانی ،
ئەوەرانە گوێچکەمەوە ..

من • زوو زانیم ، تۆ عاشقیو ،
[لاچین] دەسگیرانەکەتە
من • زوو زانیم ، تۆ دەمێکە لە ئێسکی خۆت ،
شانەی خوێنت ،
بۆ داهێنانی پەرچەمی کچی خۆر دروست کردووەو ،
هێشتا دەستت نەگەیوەتە پەرچەمی خۆر ••
بۆ ، تۆسقاڵێك بنەی دەنگتم نیشان نادەی !
بزانم تەمەنی پیری دڵدارییەکەت
چی لێ کردوویت •• !
من • ئەزانم •• ئەوین چی لە عاشق ئەکا ••
من • ئەزانم •• ئەوین چی لە عاشق ئەکا ••

# بڕوخێ بێ دەنگی ی

ـ ١ ـ

تۆ خەویت ، یان خەو بینینت !
هەمووکاتی سەربڕینم ،
بەسیروانی گڕی ڕێما ،
تیژ ڕەت ئەبیتو ، بەرخۆڵەی مەمکەکانت ،
ئەبن بە بارمتەی قۆچی سەری منی ئیسماعیلو ،
فێرم ئەکەیت ، شمشێرەکان ،
بەردیش ببڕن ..
داریش ببڕن ..
بەڵام سەری من نابڕن .. !

ـ ٢ ـ

هەردووکیان بوویت ،
کە ئەهاتیو لەخوێنی شوونانسامەتا ،
«میدیا»ت ئەدا بە سوولتانو ،
سوولتان عەقدالی «هێلین»ی تالانی بوو ٠٠
میدیاش، یەکەمشەو زریانێ لەدەروونیا هەلی ئەکرد
هەرچی خەوی شاراوەتە ،
بەگوێی سوولتانا ئەیدرکاند !
ئەیدرکاندو ،
نەیئەتوانی چەپەر لەسەر ،
کارژۆلەی سرکی دەروونی خۆی دابخات ٠٠
چونکە کارژۆلەی دەروونی ،
پێرەوکەی پیاهەلگەڕانی ،
ماچی ئاسۆی سەر بەندەن بوو ٠٠

چونکە کارژۆڵەی دەروونی ،

لەدایکی بڕابوو •• وونبوو ••

فەرمانێکی شاهانە :

بەرژەوەندی سەرکەوتنی نیشتمان وا پێویست ئەکا،

بۆ دڵنەوایی «میدیاخان» ،

بەندەنێك ، بەباخ و ، تاڤگەو ، چۆلەکەوە ،

بگوێزنەوە کۆشکی پاشا ••

کۆرس [ چەند دەستە خوشکێکی میدیا ] :

میدیا ئەڵێ من شوو ناکەم ••

دڵی [ئاشوور] لەخۆم ناکەم ••

حەز لە شوێنی وا دوور ناکەم

بەسەری تاقە براکەم ••



- ٣ -

هیچیان نەبوویت ،
کە ئەهاتیو پانایی سنگت ئەکردە ،
گۆڕەپانێکی گەڕۆكو ،
لەهەر شوێنێ ،
ئەمو ئەو ، زۆرانیان لەسەر بەختی خۆیان بگرتایە،
تۆ لەوێ بوویت ٠٠ !
لەوێبوویتو ،
پاداشی سەرکەوتووەکانیش ،
گومرگێ بوو ٠٠
لەسەر حەشیشەی هەناسەو ، لێدانی دڵت دائەنرا !

دڵو ، سەرت ..

سەرو ، دڵت ...

ئەبوون بەو باجی دووبەرە هەنگوینانەی ،

هەموو ڕۆژێ ، لە کۆشکی سووڵتانەکانا ،

ئیمزای نیازپاکیو ، کڕنووشی

هەموو شارە هەنگەکانیان تۆمار ئەکرد !

هەر دووبەرە هەنگوینێکیش ،
هی سەرو ، دڵ ..
هی دڵو ، سەر ..
نیشانەی هەنگوینی «بەچ»ی پێوەبوایە ،
شارە هەنگی ، دڵتیان بەسەرتا ئەورووژان ..
سەرتیان ، بەدڵتا ئەورووژان ..
«بروسکەیەکی نهێنی»ش ،
ئەدرا بەهەورە بروسکەو تیا ئەنووسرا : ـ
«بۆ ئەوەی هەنگوین بەجارێ بنبڕ بکرێ ،
هەرچی گوڵو ، شارەهەنگە ،
بەخێرایی بسوتێنرێ !»

تابلۆیەکی جیاواز :

[چەند پەپوولەیەك لەژێر تیشکی چرایەکا ، پرسەیان بۆ ناکامیی هەموو گوڵـەکانی جیهان دانا • لەولاشـەوە ، هەنگێك هێشـتا گیانی تیامابوو ، ئەمەی بەو گوڵە ژاڵەیە ئەووت کە بەسەریا ئەگریا :ـ

بڕوات پێناکەم • چونکە تۆ لە ترسی ئەوەی نەتسووتێنن ، خۆت تاڵکرد ••] •

ـ ٤ ـ

هیچیان نەبوویت ،
کە ئەهاتی‌و گوڵدانی سەرت بە تەنیا ،
گورزی گوڵە ئێسکی زیندووی خۆتی تیابوو ..
هەر ئەهاتی‌و ،
گورزی ئێسك ، بە کۆڵان‌و بە شەقاما
بە گۆڕستانی بەساما ..
ئەوەرین‌و ، سەوز ئەبوون ..
ئەوەرین‌و ، سەوز ئەبوون ...

پیرەمەگروونی ئەژنۆشت ، لەبەریانا چۆکی ئەداو
سەرت ئەنا بەسنگی هەموویانەوە ••
سنگی هەموویان ، شریخەی حیلەی ئەسپی ،
چۆڕاوگەیەکی بارانی سەرەو ژووری تیا ئەبیسترا
ڕوەو ئاسمان ،
سەرئەکەوتن ، بۆ ناو هەوری
ئەو سەرپەلە ناکامانەی
پێش پەلەدان ، ڕەشەباکان ڕاویان نابوون •••
تۆش لەگەڵیان ئەفڕیتو ،
دەربەست نەبوویت ، لەڕێی پەڵەیەکی سەوزا ،
ڕەهێڵەو ، پەڵەی بارینت بخنکێنن ••

ئەخنکای کاتێ ڕووبارێ
جۆگەلەی هەنگاوەکانتی
ئەخواردەوە ••!
ئەخورایتەوەو ••• ئەخورایتەوە •••
بەڵام گورزی گوڵە تێسکی ،
ناو گوڵدانی کاسەی سەرت
پێی ئەووتیت :
«سەیری ئۆقیانووس‌و ، دەریاو ، ڕووبار ، بکە
یەك ، یەکتری ئەخۆنەوەو ، تەواو نابن ••
تەواو نەبیت ••»

ـتۆ ئەزانیت کە ڕووبارێ ، جۆگەلەیەك ئەخواتەوە
ماسییەکانی ئەو ڕووبارە چەند بێزارن !؟

● بۆچی ماسی ، هیچ لەدڵداری ئەزانێت ؟

ـ ماسیش وەك ئێمە دڵدارە ،
ماسیش وەك ئێمە هۆنراوەی
سەر پەڵەیەکی زامدارە
بەڵام پانایی‌و ، ئەستووری دیواری ئاو ، ڕێگانادەن
دەسگیرانەکەی بیبیستێ ،
بۆیە ڕقی لەو ئاوەیە کە تیا ئەژی ..!

ـ ٥ ـ

هیچیان نەبوویت ،
کە هاتنت خرایە بەر ،
چاوی دووربینی کۆنگرەی هۆڵەکانو ،
درایتە دەست هێڵەکانی پەڕینەوە ...
هێڵەکانی پەڕینەوەش ،
دسەرماەیان بەدوای هەناسەی پشکۆی شاراوەتا
ئەنارد ..
گەرمی ی هەناسەی شاراوەی پشکۆکانیش .
سەرما ئەیکردن بەهەڵمو ،
چاوی دووربین ئەیان بینین

لە هێڵێکی پشکنیندا :

ـ ناوت ؟

● علی ••

ـ نازناوت ؟

● بەردەشانی •

ـ ئای ! ئەمە علی بەردەشانی‌یە •

گۆرانییەکمان بۆ بڵێ •• !

● « ناکەم خزمەتی وەزیری ،

نانی دەستێنم بەشییری(١٣)

ـ ماڵت ڕەنگینە !

● ماڵم ئەوەتا لەکۆڵی قەرەجیما شەتەکدراوەو

بەرەو تیشکی ئەو کیشوەرە نەبینراوە هەنگاو ئەنێم ،

نیشتمان ، دەسگیرانو ، خانووی سەوزی ،

بۆ منو هەمـــو قەرەجە ئاوارەکانی ، ئـــەم

ژووری زیندانە گەورەیەی تیابێ !

# ژوان

ئەی کچی ناو خەوەکانم .
تۆ هەموو شەو ،
لەڕووباری بێدارییما ،
دێیت بەڕووتی مەلە ئەکەیت ..
ئەستێرەکان ئەبن بە ملوانکەی ملتەو ،
لەگلێنەما هەڵ ئەبیت ...
درەختەکانی ناخی گیان ، دێن بۆ سەیرت ..
باڵندەی ووشەکانیشم ، بەسەر سەرتا دێن و ئەچن ،
بۆت ئەخوێنن ..
بۆت ئەخوێنن ..
هەرتەنیا تۆش،لەزمانی خوێندنەکانیان تێ ئەگەیت
هەر تەنیـا تۆش ، گـوێ بۆ هەمـوو جریوەکانیان
شل ئەکەیت ...

تا درەنگێ ،
لەگەڵ ووردەماسی بیرو ئەندێشەما ،
یاری ئەکەیت ••
ڕاویان ئەنێیت ••
ڕاوت ئەنێن ••
ئەیان گریت ،
ئەیان نێیت بەماسی لەشی بێ پوولەکەی ،
پێستی ساف و سپیتەوە ،
ختووکەی گەردن و ، سنگ و ، دەستت ئەدەن ••
بەریان ئەدەیت ••
ڕاوت ئەنێن ••
ڕاویان ئەنێیت ••

دەستی پۆلە گوڵ ئەستێرەی ،
کۆرپەی نیگاکانم ئەگریت
بەچراخانی جیهانی ،
جوانییەکەتا ئەیانگێڕیت ..
ئەیانگێڕیت ...
ماندوو نابن ..
بێزار نابن ..
چونکە هەرخـۆت ، بەرەبەیان .. کە مەڵـەی ناو چاوەکانم ،
ماندووت ئەکات ،
ڕووباری گینگڵەکانم بەجێ دێڵێ و ،
دێیت سەر ئەکەیتە سەر سنگم ،

گوێ لە چرکەو ، لێدانی دڵم ڕائەگریت ..
پاش ئەوەی دڵنیا ئەبیت ، هەموو لێدانەکان بۆ تۆن.
بەنیانی پەنجەکانت ، ئەخەیتە سەر پێڵووەکانم ،
لەسەرخۆ ، ئەیان نوقێنیو ،
ئەمخەوێنیو ..
ئەمخەوێنی ... !

مەیتەر



کەی ئەمگەیتێ ٠٠ !
وا خۆشەویستیت لەسنگما پێیگرتووەو ،
خەریکە قەفەسی سنگم بگرێتە کۆڵ ٠٠ !
فریامکـەوە ٠٠
کۆتری خۆشەویستی تۆ گەورەبووەو
بەندیخانەی سنگی منیش بچکۆلەیە ٠٠
« کۆتر بۆیە باڵی هەیە ،
تا پێی بفڕێ ٠٠
بەڵام چۆن لەجێگای تەسکا ،
فێری باڵەفڕێ ئەبێ !»

زووکە هانام بۆ هێناوی ••
پەراسووەکانم دەربێنە ،
با ، ئەم قەفەسی سنگەی من هەڵبوەشێ و ،
کۆتری خۆشەویستی تۆ ، بەرەڵلابێ ••
بەرەڵلابێ بۆ ئاسمانی ئەو ساتانەی ،
هەردوو چاوم بۆ ئەکردیت ،
بە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەو ،
بەدوای هاتوچۆی هەتاوی چاوەکانتا ، ئەخولامەوە
ئەخولامەوە ••
ئەخولامەوە ••
تا ئەبوومە ئەو سەرخۆشە بێئاگایەی ، لەپڕێکا ،
ئەکەوتمە ناو ڕووباری کازیوی چاوەکانتەوە

چاوەکانت ، دوو باخی بارانی شینبوون
جۆگەی گوڵی ناخی تینووم ،
هەڵێ ئەمژین .. هەڵی ئەمژین ..
ـ من ئەزانم ئاسمان هەیە .
لەوانەیە «خوا»شی تیابێ ، خەو ببینێ ..
شینایی چاوەکانی تۆش ،
سامالێکی بچکۆلە بوو ،
خوام تیا ئەدی ، پێی ئەووتم :ـ
«بۆچی کاتێ هەتاو هەڵدێ ،
ئەستێرەکان بڕئەچنەوە .. !
ئەی ئەوان نین ،
شەوگار ڕووناك ئەکەنەوە !»

بەڵام چاوی تۆ، بەڕۆژیش ئەستێرە تیایانەئەخەوت ،
کەچی شەو هیچ شەرم نەیگرت ،
دەستی نایە بینی خۆری هەردووچاوت ..
لێم ئاوبوویت ...
هێشتا قرچەی نیوەڕۆ بوو ،
بەجێت هێشتم ،
پێم نەووتیت :
خۆر چۆن نیوەڕۆی هاوینان بەجێ دێڵێ!
پێم نەووتیت : تۆ جێم بێڵیت ،
[ڕەشەبا] زوو دێتە وێزەم !

ڕووتکردۆته ، کیشوەری ژانی کام باوەش !
کەی خۆر ، لەئاوارەیی‌دا ، بەدی‌ئەکرێ ٠٠ !

● بەلأم تۆ وایت لەبەر تاڤگەی ڕەشەبادا ٠٠
ئەبێ بالندە هیوای چی ،
بەهێلانەی درەختی بەر ڕەشەبابێ !



ـ گیانە ، ئەوسا کە ئەمبینیت ،
بیرەخەوی(١٤) چاوەکانم ،
شووشەی مەڕمەڕێکی لێڵبوون ،
لێڵ تیایانا دەرئەکەوتی ••
ئێستا وەرە ، ناو دارستانی بێداریی شەوانمەوە
بووم بەو درەختە عاشقەی ،
ڕەگەکانم :
خۆشەویستی تۆ هەڵئەمژن ••
چڵەکانم :
چرۆی ناوی تۆ دەرئەکەن ••
لقەکانم :
گوڵی چاوەکانت ئەگرن ••

ـ تۆ ، لات وابوو جێم بهێڵیت ، دوات ناکەوم !
تۆ ، کچە باڵندەیەکی کۆچەریش بیت ،
منیش ، کوڕە قەرەجێکم ،
عاشقی تۆم ٠٠ !
چی بکەم حەزم لێت کردووە ٠٠
کە کۆچ ئەکەیت ٠٠ دوات ئەکەوم ٠٠
خۆت ئەزانیت :ماڵەکەی من ـ ماڵی قەرەج ـ ،
هەمووی پڕ توورەکەیەکە ٠٠
خۆت ئەزانیت ، قەرەج گوێ ناداتە سنوور ،
خۆت ئەزانیت : قەرەج نیشتمانی نی یە ٠٠
لەهەرشوێنێ ، تۆ هێلانەی تیا دروست کەیت ،
ئەوە نیشتمانی منە ٠٠ !

دێم بوومەلەرزەت فێرئەکەم ،
چۆن توورە بێ ..
دێم گەردەلوولت فێرئەکەم ،
چۆن ئۆقیانووس بهەژێنێ ..
عەشقت جووانوویەکی تۆرە ،
هەرچی چەقۆو ، شمشێر هەیە ،
بیکەن بە کۆتو ، مێخزنجیر ،
نایبەستنەوەو ، دابین نابێ ..

گەر توانیان :
ڕووبار ، لە ڕۆخ جیاکەنەوە ..
ئەستێرە ، لەشەو داببڕن ..
شەپۆل ، لەدەریا هەڵبگرن ..
سییەکانم ڕابهێنن
هەناسەدانیان خۆش نەوێت ،
ئەوسا منیش دابڕ ئەبم ..
ئەوسا منیش تۆم خۆش ناوێ .. !

ـ دایە • دوێنێ شەو لەخەوما ،
ئاسمان سەوزو ، زەوی شین‌بوو ••!
درەختەکان داگیرسابوون ••!
گۆڕستانەکان ، لەشێوەی سووپایەکا ،
سواری ئەسپی سپی بووبوون •
بەشاخێکا ، سەرئەکەوتن
ئەوە چی‌یە •• !؟
ـ ووس‌بە ڕۆڵە ••
ووس‌بە ڕۆڵە ••
ـ دایە • بۆچی ئەم‌ترسێنی ،
ئەها چاوم ،
لەشەویش‌دا ، خۆر ئەبینێ ••

ئەها دەنگم ،
چەند لەووڕشەی شمشێرەکان دلێر ترە !
ئەها دڵم ،
ئەها سەرم ،
چەند لەمشتووی چەقۆکانیان گەورەترە !
ئەها ملم ،
چەند لەپەتی سێدارەکان ئەستوور ترە !

(١٠) دُژه

بوویت بە بارانی هەتاوێ ،
باریتە قووڵاییمەوە ٠٠
بۆیە ناخم ،
بۆتە باخێکی تریفەی سەوزی نیگات ٠٠
بۆیە ناخم ،
بۆتە پەڵەیەك سێبەری سپی باڵات ٠٠
ئەوە پێستم ، سەیری بکە ،
نیگاکانت چەکەرەیان تیا کردووە ٠٠!

«ئاخۆ چاوت ،
داگیرسانی هێشووی ئەستێرەی نیگای خۆی ،
بەدی ئەکات لەناو خوێنما ،
یا ، چاویشت
لەسەمای سووتانی خۆیا ، خوا ئەبینێ
ئەوەی لە سەمای سووتانی سەری خۆیا ،
خوا بەدی بکات ، عاشقە !
دیارە دەمێکە عاشقیو ، هێشتا زریانی سەماکەت ،
بەری چاوی بەرنەداویت •• !»

ئەوە خوێنم ، گوێی لێ بگرە ••
دارستانێکی کڵپەیە
چۆلەکەی چرپەکانی تۆ تیا ئەخوێنن ••
«کە منداڵ بووم ••
شۆڕەبییەکی پرچدرێژ ،
لەناو حەوشەکەمانا بوو ،
پرچی لە پرچی تۆ ئەچوو ••
هەرچی کاتێ ،
پۆلێ چۆلەکە بە جریوە ،
خۆیان ئەکرد بەناو قژیا ،
دایکم ئەیووت : میوانمان دێت •• !
من ئەوسا سەیرم لێ ئەهات ،
بەڵام ئێستا ، کە چۆلەکەی چرپەکانت ،
لەناو خوێنما ئەجریوێنن ،
تۆ ئەبینم •• !»

ئەی بارانی هەتاوەکە ،
ڕەنگت ، لەڕەنگی ئاو ئەچێت ،
لەنزیکا کە ئەتبینم ،
هەموو دنیات تیا ئەبینم ،
کە دووریش ئەکەویتەوە ··
دەریایەکیت ،
شین ئەنوێنی ··
سەوز ئەنوێنی ··
بۆیە هەزاران کیشوەری
خۆزگەو تاسەی دیدەنیمت تیا ئەخنکێو ،
نایانبینی ··

ئەڵێی ئەو بازنی عەشقەیت ،
بە منداڵی کراویتە ،
مەچەکی باریکی ڕۆحم ،
ئێستا ڕۆحم ، گەورە بووەو ، تیا دەرنایەت ..!

ـ من ، لەدەریای منالّیمەوە تا ئێستا ،
بەبێ‌دەنگی‌ی خۆشم ویستوویت ..
● ئەی بۆ دەنگت نەکردووە؟!
ـ گیانە . بێ‌دەنگیش ، هەر دەنگە ..
گیانە . بێ‌دەنگیش ، هەر عەشقە ..
● تۆش ، لەدەریای منالّیمەوە تائێستا ،
شەپۆلێکیت ،
لەسەر سنگم یاری ئەکەیت ..
بەڕاکردن ئەچیت بۆلای ڕۆخەکانم ..
لەوسەر وورد ، وورد ،
دێیتەوە ناو چاوەکانم .!

ئەی سێبەرە سپی یەکە ،
بۆ ئەوەی ئیتر لەبەردەم ،
کێوی گریانی ووشەما ، کڕنۆش نەبەم ،
بە بالا زراڤەکەتا (١٦) ڕاست دامکوتە !
بالات ، درەختێکی گڕە ،
حەز ئەکەم باوەشی پیابکەم ، تیا بسووتێم ..
کە داگیرسام .. ئەبم بەتۆ .. !
تۆش بەداگیرساوی منیت ..
کەواتە ئەی چاووگەی منە سووتاوەکە ،
ڕووناکیم وا لە تۆدایە ،
زووکە . سەرم داگیرسێنە ..

زریان

ـ ١ ـ

سەرم کردۆتە سەر ڕانی ،
کچە شەیتانی ئەم شەوە ،
پێم ئەڵێ : ئەگەر منت خۆش ئەوێ ،
ئەبێ ڕقت لە فریشتەی گزنگ بێ !
ـ ئەی فریشتە ، چاوم لێتە ،
لەباخی بوومەلەرزەیەکی شاراوەدا ،
دایان ناویت ،
گوڵی پشکۆ بەسەر سەرتا ئەبارێنن ،
دەنگیش ناکەی •

شەوێك بەنهێنی ،
دێمە كێڵگەی خەوێكی سووتاوتەوە ،
پێت ئەڵێم : تۆ دایكی زریان نەبوویت !
بۆچی نابیت بە كچە گێژەڵووكەیەكی تووڕە ،
باوەش بكەم بە كەمەرتا ،
سەرم بخەیت بۆ سەر دوورگەی
ڕەشەبایەكی بێسنوور !
با ، دەستەكانم ..
ئەوەندەی سێبەرە ڕووناكەكەت لێم جیاببنەوە..
با ، قاچەكانم ..
ئەوەندەی ڕووباری پرشنگت هەنگاو بنێن ..!
هەموو ئەندامەكانی لەشم ، لێم بێزارن ..
منیان ناوێ ..
تۆ لەكام ئەندامی لەشمایت ، تا گلت بدەمەوە ،
ئەی چەپكە گزنگەكە !

تۆ ، ئەوەندەی کۆچی ڕەشەبایت ،
هەموو کیشوەرە نـەدۆزراوەکانیشت پڕکردووە لە خۆت ٠

کەچی ئەمشەو ،
کۆتری تروسکەیەکت بەرنەدایە ،
دارستانی ئەم سەرە تەنیایەمەوە ٠٠
ئەی خۆت ڕاتنەهێناوم ،
لەتاریکیما ببیت بە هەورە بروسکە ،
ئاسمانم بۆ ڕاوەشێنیت ،
هەرچی هێشووی ئەستێرە هەیە ،
بیوەرێنیتە ناخمەوە ٠٠ !

بیرتە دوێنێ ، دەریایەکی لێوان لێوم بووم ،
لە ، لەپی دەستەکانتا هەڵت ئەگرتم ،
بێ ئەوەی بیەڵیت دڵۆپێکم لێ بڕژێ !
تۆ ، ئێستا سەیرم بکە ،
ئەندامەکانی لەشم ئەڵێی هەریەکە خەڵکی شارێکن،
کەسیان ، کەسیان ناناسنەوە ،
بۆ وا پارچە ، پارچە بوویت ،
ئەی دەروونە گڕ تێ بەربووەکەم !

ـ ٢ ـ

ئەگەر ووتیان : دڵدارەکەت کێ بوو !
بڵێ : عاشقێکی کێوی بوو ..
ئەیوویست منی گزنگ ماڵی بکات ،
کە باوەشی پیاکردم ، سووتا .. !!

## پەراوێزەکان :

(١) کازیوە : بەرەبەیان ، تاریك‌و ڕوون ، شەفەق ٠

(٢) جێرنیکا : گوندێکی خنجیلانەی ئیسپانی بوو ، لەشەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا بەدەست کۆماریستەکانەوە بوو ، لەلایەن کۆنە پەرستەکانەوە ، داگیرکراو ، سووتێنرا ، هەرچی تیابوو کوژرا٠

(٣) باڕێژە : باران بەباوە ٠

(٤) مۆنتمارتەر : ڕیزە شاخێکە لەپشت پاریسەوە ٠

(٥) فرسای : شارێکی گەورەی فەرەنسی‌یە ، لەسەردەمی کۆمۆنەدا بانقێکی گەورەی تیابووە ٠

(٦) هێلین : مەبەست کچە بەتالآن فڕێنراوەکەی داستانەکەی هۆمیرۆسە ٠

(٧) بنە : ئەو جێگایەی کە ، کەوی ڕاوی تیائەشارنەوە ٠

(٨) تێسکە : لەنجەولاری ئەسپ‌و ماین ٠

(٩) کەرویشکە : شەپۆلی دەغڵ‌و گیا لەبەر [با]دا ٠

(١٠) تراویلکە : سەراب ٠

(١١) گەرمك : ئاوێکی گەرم‌و مەنگ‌و تەنك کە زستانان ئەیبەستێ‌و باڵندەی تیاکۆبێتەوە ٠

(١٢) لاچین : ئەو گوندەیە کە « هێمن »ی تیا لەدایك بووە لەنزیك [سابلاخ]ەوەیە ٠

(١٣) دێڕێك شیعری عەلی بەردەشانی‌یە ــ لەبەرگی یەکەمی « تحفەی مظفری‌یە» ــ لاپەڕە ١٥٦ وەرگیراوە ٠

(١٤) بیرەخەو : نێوان بێداری‌و خەو ٠

(١٥) لاژە : جۆرە گۆرانی‌یەکی فۆلکلۆری کوردی‌یە ٠٠ یان لاوژە ٠

(١٦) زراف : بەرزو باریك ٠

# سالنامەی شیعرەکان

١ ـ پێوانەی خۆشەویستیت
٢٢/١/١٩٧٠ بەندیخانەی بعقوبة
ڕۆژنامەی [ ژین ] ژمارە ـ ٢٢ ـی ڕۆژی ١٣/٥/١٩٧١
٢ ـ یادم بکە
٢٦/٢/١٩٧٠ بەندیخانەی بعقوبة
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ـ٣٥ـی ڕۆژی ٢٤/٧/١٩٧١
٣ ـ بۆ چاوەکانی
٢٧/١/١٩٧٠ بەندیخانەی بعقوبة .
ڕۆژنامەی [ژین] ژمارە ـ١٦ـی ڕۆژی ١/٤/١٩٧١
٤ ـ ووشەکانم
١/٩/١٩٧١ سلێمانی .
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ـ١٧ـی ڕۆژی ٢٠/٥/١٩٧٢
٥ ـ یادداشتێك بۆ دەسگیرانەکەم
٧/٦/١٩٧٣ سلێمانی
ڕۆژنامەی [برایەتی] ١٩٧٣
٦ ـ پەیامی ئاینێکی تازە
٢٠/١١/١٩٧٢ سلێمانی
ڕۆژنامەی [ژین] ژمارە ـ٩٦ـی ڕۆژی ١٤/١٢/١٩٧٢
٧ ـ نامەیەکی بێ ناونیشان
حوزەیرانی ١٩٧٢ سلێمانی
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ـ١٩٠ـی ڕۆژی ٢٦/١٠/١٩٧٣
٨ ـ کاتێ چاوپێکەوتن قەدەغە ئەکرێ
٢٩/١٠/١٩٧٣ سلێمانی
گۆڤاری [بەیان] ژمارە ـ١٢ـ

٩ ــ چەپکێ ئازاری خۆش
١٩٧٢/١١/١٠
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ــ١٩٨ی ڕۆژی ١٩٧٣/١٢/٢١

١٠ــ چاوشارکێ
ئەیلوولی ١٩٧٤ ــ گوندی سەرگەلوو
گۆڤاری [ئاسۆی زانکۆیی] ژمارە ــ٨ــی سالی دووەم ــ حوزەیرانی ١٩٧٨ ٠

١١ــ فەقێ تەیران بەشداری کوشتنی کچی خۆر ناکات
ئابی ١٩٧٤ ــ گوندی زینۆی شێخی
گۆڤاری [ڕۆژی کوردستان] ژمارە ــ٥٢ــی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨

١٢ــ کۆچێکی نوێ بۆ جیهانی باڵندە کۆچەرەکان
مایسی ١٩٧٥ ــ ڕومادی

١٣ــ ئاسمان جێگای ئەستێرەیتری تیا نابێتەوە
حوزەیرانی ١٩٧٥ ــ ڕومادی

١٤ــ سەما لەسەر پشتی دووپشك
کانوونی دوەمی ١٩٧٦ ــ سلێمانی
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ٥٠١ ــ ١٩٧٩/١١/٢٦

١٥ــ بروخێ بێ دەنگیی
دووباتی ١٩٧٦ ــ سلێمانی
پاشکۆی شیعریی گۆڤاری [ڕۆژی کوردستان]

١٦ــ ژووان
١٩٧٦/١١/١٤ ــ هەولێر
ڕۆژنامەی [هاوکاری] ژمارە ٣٤٢ ــ ١٩٧٦/١٢/١٠

١٧ــ مەیتەر
١٩٧٦ــ١٩٧٧ ــ هەولێر ــ سلێمانی
پاشکۆی ڕۆژنامەی [عێراق] ژمارە ــ

١٨ــ لاژە
١٩٧٦ــ١٩٧٧ ــ هەولێر ــ سلێمانی
گۆڤاری [بەیان] ژمارە ــ٤٤ــی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧

١٩ـ زریان
ئابی ١٩٧٧ ـ سلێمانی
گۆڤاری [ڕۆشنبیری نوێ] ژمارە ـ٦٤ـ

● سەرنج :
ئەم دیوانە لە ناوەڕاستی ساڵی [١٩٧٧]ەوە ئامادە کراوە بۆ چاپ و ، لە [١٩٧٧/١٢/٨]دا ، ڕەقابە کراوە ٠

# پێڕست


| ناونیشانی شیعرەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١ ــ پێشکەشە بە دایکم | ٣ |
| ٢ ــ پێوانەی خۆشەویستیت | ٥ |
| ٣ ــ یادم بکە | ٧ |
| ٤ ــ بۆ چاوەکانی | ١٥ |
| ٥ ــ وشەکانم | ١٩ |
| ٦ ــ یادداشتێك بۆ دەستگیرانەکەم | ٢٣ |
| ٧ ــ پەیامی ئایینێکی تازە | ٢٩ |
| ٨ ــ نامەیەکی بێناونیشان | ٣٥ |
| ٩ ــ کاتێ چاوپێکەوتن قەدەغە ئەکرێ | ٣٩ |
| ١٠ــ چەپکێ ئازاری خۆش | ٤٧ |
| ١١ــ چاوشارکێ | ٥٣ |
| ١٢ــ فەقێ تەیران بەشداری کوشتنی کچی خۆر ناکات | ٦١ |
| ١٣ــ کۆچێکی نوێ بۆ جیهانی باڵندە کۆچەرەکان | ٦٩ |
| ١٤ــ ئاسمان جێگای ئەستێرەی تری تیا ئابێتەوە | ٧٩ |
| ١٥ــ سەما لەسەر پشتی دووپشك | ٩٣ |
| ١٦ــ بروخێ بێدەنگیی | ١٠١ |
| ١٧ــ ژووان | ١١٧ |
| ١٨ــ مەیتەر | ١٢٣ |
| ١٩ــ لاژە | ١٣٧ |
| ٢٠ــ زریان | ١٤٧ |

Rafeeq Saeed
2680/2/27
Semme

ئەم کتێبە شەش هەزار دانەی لێ چاپ کراوە

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا ژمارە (٨٠)ی
ساڵی ١٩٨٠ی دراوەتێ

لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لەچاپدراوە

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
(٤٨)

# موعد اللقاء

شعر

محمد حمه باقي

السعر ١٥٠ فلساً
١٩٨٠